# خاوەن بەشەکانی میرات

﴿أصحاب الفرائض في الميراث﴾

[ كردي – کوردی – kurdish ]

عەبدولسەلام پشدەری

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ﴿ أصحاب الفرائض في الميراث ﴾

« باللغة الكردية »

عبد السلام بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# خاوەن بەشەكانی میرات

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرودی نەپراوەش بۆسەرگیانی پاكی پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفى و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێن كەوتوانی هەتا هەتایە.

خۆشەویستان جارێكی تر هاتینەوە خزمەتتان بۆ باسكردنی بەشێكی تر لە كۆباسەكانی میرات و میراتگران بەئومێدی ئەوەی جێگای رەزامەندی خوای گەورە و پاشان ئێوەی بەڕێزیش بێت ، فەرموو ئێوە و بابەتەكە :

خوای گەورە لە سورەتی ( النساء ) دا دەفەرموێت : ( يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَدٌ فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُثُ فَإِنْ كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ السُّدُسُ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ لَا تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ نَفْعًا فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ) {النساء : ١١}

لەم ئایەتانەدا و چەندین ئایەتی تری قورئانی پیرۆزدا بەشی ئەو كەسانەی میراتیان بەردەكەوێت دیاری كراوە :

**أ ـ میرات گران لەپیاوان : ئەوانەی میرات دەبەن لە پیاوان دە كەسن كە ئەمانەن:**

**١) كور و كوری كور بۆ خوارەوە :** خوای گەورە دەفەرمووێت : ( يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ ) {النساء: ١١} واتە: خوای گەورە لەبارەی رۆڵەكانتانەوە ئامۆژگاریتان دەكات بۆ نێرینە بە ئەندازەی بەشی دوو مێینە میراتیان بۆ هەیە.

**٢) باوك و باوكی باوك و بۆ سەرەوە :** خوای گەورە دەفەرمووێت :( وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ ) {النساء: ١١ } واتە: وە دایك و باوك بۆ هەریەكەیان شەش یەك هەیە، باپیریش وەك باوك وایە ئەگەر باوك نەبوو، بەیەك دەنگی زانایانی ئیسلام .

**٣) مام و كوڕی مام و دورتر:** قَال رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) : " أَلْحِقُوا الْفَرَائِضَ بِأَهْلِهَا ، فَمَا بَقِيَ فَهْوَ لأوْلَى رَجُلٍ ذَكَرٍ" { رواه البخاري (٦٧٤٦) و مسلم (١٦١٥/٢) }

پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرمووێت: بەشە میراتەکان بدەن بەخاوەنەکانیان جا ئەوەی مایەوە بۆ نزیکترین پیاوە لە مردووەکە .

**٤) مێرد :** قورئان دەفەرمووێت: ( وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ ) {النساء: ١٢} واتە: لەو میراتەی ژنەکانتان بەجێیان هێڵاوە نیوەی بۆ ئێوەیە .

**٥) براو كوڕی برا:** خوای گەورە دەفەرمووێت: ( وَهُوَ يَرِثُهَا إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهَا وَلَدٌ ) {النساء: ١٧٦} واتە: وە ئەگەر مردووەکە ئافرەت بوو ئەوە برا هەموو میراتی خوشکە مردووەکە دەبات ئەگەر خوشکە مردووەکە منداڵی نەبێت.

**٦) ئازادکەری کۆیلە:** ئەو پیاوەی کۆیلەیەك ئازاد دەکات. " عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ قال رَسُولُ اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ) الْوَلاَءَ لِمَنْ أَعْتَقَ »" {رواه البخاري (٤٥٦) ومسلم (١٥٠٤) } عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: دۆستایەتی کۆیلەی ئازادکراو بۆ ئەو کەسەیە ئازادی کردووە.

" عَنِ ابْنِ عُمَرَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ) الْوَلاءُ لُحْمَةٌ كَلُحْمَةِ النَّسَبِ لا يُبَاعُ وَلا يُوهَبُ "

وە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (ڕەزای خوای لێ بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: دۆستایەتی و تێکەڵاوی و خزمایەتیە هەروەك خزمایەتی نەسەب نافرۆشرێت و نابەخشرێت.

**ب ـ میراتگران لە ئافرەتان:** ئەو ئافرەتانەی میرات دەبن حەوتن کەئەمانەن:

**١) کچ و کچی کوڕ بۆ خوارەوە:** خوای گەورە دەفەرمووێت: (يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ) {النساء: ١١} واتە: خوای گەورە لەبارەی ڕۆڵەکانتانەوە ئامۆژگاریتان دەکات بۆ نێرینە بەئەندازەی بەشی دوو مێینە میرات هەیە.

**٢) دایك و نەنك و بۆ سەرەوە:** خوای گەورە دەفەرمووێت: ( وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ ) {النساء: ١١} واتە: وە دایك و باوکی بۆ هەریەکەیان شەش یەك هەیە لەمیرات .

٣) **خوشك:** خواى گەورە دەفەرمووێت: ( إنِ امْرُؤٌ هَلَكَ لَيْسَ لَهُ وَلَدٌ وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ ) {النساء: ١٧٦} واتە: ئەگەر پیاوێك مردوو منداڵى نەبوو تەنها خوشكێكى هەبوو ئەوە نیوەى میراتى براكەى دەبات.

٤) **هاوسەر (ژن):** خواى گەورە دەفەرمووێت: ( وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ ) {النساء: ١٢} واتە: ژنەكانتان چواریەكى میراتى ئێوەیان دەكەوێت.

٥) **ئازادكەرى كۆیلە:** كاتێ ئازادكەرەكە ئافرەت بێ كۆیلە ئازادكراوە بمرێت میراتى لێ دەبات، " عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ قال رَسُولُ اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ) الْوَلَاءَ لِمَنْ أَعْتَقَ »" { رواه البخاري (٤٥٦) ومسلم (١٥٠٤) } عائیشە (رەزاى خواى لێ بێ ) دەڵێ: پێغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووى: دۆستایەتى كۆیلەى ئازادكراو بۆ ئازادكەرەكەیەتى .

" عن بِنْتِ حَمْزَةَ  قالت( مَاتَ مَوْلَايَ وَتَرَكَ ابْنَةً فَقَسَمَ رسول اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ) مَالَهُ بَيْنِي وَبَيْنَ ابْنَتِهِ فَجَعَلَ لي النِّصْفَ وَلَهَا النِّصْفَ " وە كچى حەمزە (رەزاى خواى لێ بێ ) دەڵێ: كۆیلەئازادكراوەكەم مردو كچێكى لێ بەجێ ما جا پێغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ماڵەكەى لەنێوان من وكچەكەیدا دابەش كرد، نیوەى دابە من نیوەشى بەكچەكەى.

### دەیەم: ئەو كەسانەى میراتیان بەردەكەوێت:

ئەو كەسانەى لەمردوو میرات دەبن و بەشیان دەكەوێت سیانن: بەش بۆ دیاریكراوەكان و میراتگران بەهۆى پشت و میراتگران بەهۆى خزمایەتیەوە.

### یەكەم

بەش بۆ دیاریكراوەكان لە قورئاندا شەش بەشە نیو (٢/١) ، چواریەك (٤/١)، هەشت یەك (٨/١)، دوو سێیەك (٣/٢)، سێیەك (٣/١)، شەش یەك (٦/١).

### ١ـ ( ١/ ٢) نیو، بەشى ئەمانەیە:

**أ ـ مێرد:** ئەگەر ژنەكەى كەمردووە منداڵى نەبێت ئەوە مێردەكەى نیوەى میراتى ژنەكەى بەردەكەوێت خواى گەورە دەفەرمووێت: ( وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُنَّ وَلَدٌ ) {النساء: ١٢} واتە: پیاوان نیوەى میراتى ژنەكانتان دەكەوێت ئەگەر ژنەكانتان منداڵیان نەبوو.

**ب ـ كچی مردووەكە خوای گەورە دەفەرموویت:** ( وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ) { النساء: ١١} واتە: ئەگەر مردووەكە تەنها یەك كچی هەبوو ئەوە نیوەی میراتەكە بۆ ئەوە.

**ج ـ كچی كوری مردووەكە:** چونكە وەك كچی مردوو وایە بەیەك دەنكی زانایان.

ئیبن مونزر دەڵێ: زانایان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی كوری كور و كچی كور لەشوێنی كور و كچی مردوەكەن نێرینەیان وەك نێرینەیەو مێینەیان وەك مێینەیە، ئەگەر مردووەكە كوری خۆی نەبوو.

**د ـ خوشكی دایكی و باوكی یان باوكی بێت:**

خوای گەورە دەفەرموویت: ( إِنِ امْرُؤٌ هَلَكَ لَيْسَ لَهُ وَلَدٌ وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ ) {النساء: ١٧٦} واتە: ئەگەر پیاوێك مردوو منداڵی نەبوو تەنها خوشكێكی هەبوو ئەوە نیوەی میراتی برا مردووەكەی دەبات.

**٢) (١ / ٤) چواریەك، بەشی ئەم كەسانەیە:**

**أ ـ مێرد ئەگەر ژنە مردووەكەی منداڵی هەبێت:** خوای گەورە دەفەرموویت: (فَإِنْ كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ ) { النساء: ١٢} واتە: ئەگەر ژنەكانتان منداڵیان هەبوو ئەوە چواریەكی میراتەكەیان بۆ ئێوەیە.

**ب ـ ژن ئەگەر مێردەكەی كە مردووە منداڵی نەبێت:** خوای گەورە دەفەرموویت: ( وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَكُمْ وَلَدٌ ) { النساء: ١٢) { واتە: ژنەكانتان لەو میراتەی ئێوە بەجێتان هێڵاوە چواریەكیان دەكەوێت ئەگەر ئێوە منداڵتان نەبوو.

**٣) (٨/١) هەشت یەك:** بەشی ژنە و هاوسەرە كاتێ مێردەكەی بمرێ و منداڵی ببێت، خوای گەورە دەفەرموویت: ( فَإِنْ كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُمْ ) {النساء: ١٢} واتە: ئەگەر ئێوە مردن و منداڵتان هەبوو ئەوە ژنەكانتان هەشت یەكی میراتی ئێوەیان بەردەكەوێت.

**٤) (٣/٢) دوو سێ یەكی بەشی ئەمانەیە:**

**أ ـ دوو كچ و دوو كچی كور:** خوای گەورە دەفەرموویت: ( فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ ) { النساء: ١١} واتە: جا ئەگەر منداڵەكان ئافرەت بوون دووان و لەدووان زیاتر بوون ئەوە دوو سێیەكی میراتەكە بۆ ئەوانە وەك پێشتر باسمان كرد كچی كوریش وەك كچی مردووەكە وایە ئەگەر مردوەكە كوری نەبوو.

**ب ـ دوو خوشكی دایكی باوكی یان دوو خوشكی باوكی: خوای گەورە دەفەرموویت:** ( فَإِنْ كَانَتَا اثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا الثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ ) { النساء: ١٧٦}

**٥) (٣/١) سێ یەك بەشی ئەمانەیە:**

**أ ـ دایك ئەگەر مردووەكە منداڵی نەبێت خوای گەورە دەفەرموێت:** ( فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُثُ ) { النساء: ١١} واتە: جا ئەگەر مردووەكە منداڵی نەبوو تەنها دایك و باوكی میراتگری بوون ئەوە بەشی دایكی سێیەكە.

**ب ـ دوو خوشكی و برای دایكی یان زیاتر: خوای گەورە دەفەرموێت:** ( وَإِنْ كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوِ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ فَإِنْ كَانُوا أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ فَهُمْ شُرَكَاءُ فِي الثُّلُثِ ) { النساء: ١٢} واتە: وە ئەگەر پیاوێك یان ئافرەتێك مرد كەسی نەبوو جگەلە برایەك یان خوشكێكی دایكی ئەوە هەریەكەیان شەش یەك بەشیەتی، جائەگەر براو خوشكی دایكی لەیەكێك زیاتربوون ئەوا هەموویان هاوبەش دەبن لە سێیەكی میراتەكەدا.

**٦) (٦/١) شەش یەك بەشی ئەمانە دەبێت:**

**أ ـ دایك : ئەگەر مردووەكە منداڵ یان چەند برایەكی هەبێ،** خوای گەورە دەفەرمووێت ( وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَدٌ فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُثُ فَإِنْ كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ السُّدُسُ ) {النساء: ١١} واتە: بۆ هەریەك لەدایك و باوكی – مردووەكە - شەش یەكی میراتەكەی دەبەن ئەگەر مردووەكە منداڵی هەبوو، بەڵام ئەگەر منداڵی نەبوو تەنها دایك و باوكی میراتگری بوون، ئەوە بەشی دایكی سێ یەكە، بەڵام ئەگەر چەند برایەكی هەبوو ئەوە بەشی دایكی شەش یەكە .

**ب ـ نەنك ئەگەر دایك نەبوو:**

ئیبن مونزیر دەڵێ: زانایان یەك دەنگن كە بەشە میراتی نەنك شەش یەكە ئەگەر مردووەكە دایكی نەبوو.

**جـ ـ خوشكێك یان برایەكی دایكی:** خوای گەورە دەفەرمووێت: ( وَإِنْ كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوِ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ ) { النساء: ١٢} واتە: ئەگەر پیاوێك یا ئافرەتێك مردو كەسی نەبوو جگەلە برایەكی دایكی یا خوشكێكی دایكی ئەوە هەریەكەیان شەش یەك بەشیەتی.

**د ـ کچی کور لەگەڵ کچی مردووەکە:** واتە لەکاتێکدا مردووەکە کە خۆی کچێکی هەیە، کچی کورێکیشی هەیە لەو حاڵەتەدا کچی کورەکە شەش یەکی دەکەوێت.

" عن أبي قَيْسٍ سَمِعْتُ هُزَيْلَ بْنَ شُرَحْبِيلَ قَالَ سُئِلَ أَبُو مُوسَى عَنِ ابْنَةٍ وَابْنَةِ ابْنٍ وَأُخْتٍ فَقَالَ لِلاِبْنَةِ النِّصْفُ وَلِلأُخْتِ النِّصْفُ ، وَآت ابْنَ مَسْعُودٍ فسيتابعني . فَسُئِلَ ابْنُ مَسْعُودٍ وَأُخْبِرَ بِقَوْلِ أبى مُوسَى فَقَالَ لَقَدْ ضَلَلْتُ إِذًا وَمَا أَنَا مِنَ الْمُهْتَدِينَ ، أَقْضِى فِيهَا بِمَا قَضَى النبي - صلى الله عليه وسلم - « لِلاِبْنَةِ النِّصْفُ ، وَلاِبْنَةِ ابْنٍ السُّدُسُ تَكْمِلَةَ الثُّلُثَيْنِ ، وَمَا بَقِىَ فَلِلأُخْتِ » . فَأَتَيْنَا أَبَا مُوسَى فَأَخْبَرْنَاهُ بِقَوْلِ ابْنِ مَسْعُودٍ ، فَقَالَ لاَ تسألوني مَا دَامَ هَذَا الْحَبْرُ فِيكُمْ " { رواه البخاري (٦٧٣٦) } ئەبو قەیس دەڵێ لە هوزەیلی کوری شورەحبیلم بیست ووتی پرسیارکرا لەئەبو مووسا (رەزای خوای لێ بێ) دەربارەی کچێك و کچی کور و خوشکێکەوە ئەویش ووتی نیوەی (٢/١) بۆ کچەکە، نیوەش بۆ خوشکەکە، برۆ بۆلای عەبدوڵڵای کوری مەسعوود ئێستا ئەویش وەك من دەڵێ ئینجا پرسیار لە عەبدوڵڵای کوری مەسعوود کرا، قسەکەی ئەبو مووساشیان پێووت ئەویش ووتی: بێگومان سەر لێ شێواو بووم و لەرێی راست لامداوە، لەمەدا ئەو بریارە دەدەم کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بریاری پێداوە، کچەکە نیوە (٢/١ ) و کچی کورەکە شەش یەك (٦/١) تەواوکەری (٣/٢) دووسێیەك وە ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ خوشکەکە، جاهاتینەوە بۆلای ئەبو مووسا قسەکەی عەبدوڵڵای کوری مەسعوودمان بۆ باسکرد ئەویش ووتی: پرسیار لەمن مەکەن هەتا ئەو زانا و شارەزایەتان لەناودا بێت.

**ه) خوشکی باوکی لەگەڵ خوشکی دایکی و باوکی:** ( ٣/٢ ) دووسێیەکی پێ تەواو دەکرێت، بەقیاس لەسەر کچی کور لەگەڵ کچی مردووەکەدا.

**و ـ باوك لەگەڵ منداڵی مردووەکەدا:** خوای گەورە دەفەرموویت: ( وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَدٌ ) { النساء: ١١} واتە: باوك و دایکی هەریەکەیان شەش یەکی دەکەوێت ئەگەر مردووەکە منداڵی هەبێت.

**ز ـ باپیر ئەگەر باوك نەبوو:** ئیبن مونزیر دەڵێ: زانایان یەك دەنگن کە حوکمی باپیر حوکمی باوکە ئەگەر باوك نەبوو.

بەم شێوەیە هاتینە کۆتایی بابەتی ئەمجارەیشمان تا بەیەك گەشتنەوەیەکی تر و لەبابەتێکی نوێ تردا، بەخوای گەورەتان دەسپێرم وخواتان لەگەڵ ....